
# چەند لا ئەندازەیەکان

چەند لایەک لە چەند پارچە ڕاستەهێڵیک پێکدێت، کە ڕوبەرێکی دیاریکراو دروست دەکات. بەهەر پارچەڕاستەهێڵێک دەگوترێت لا ،بەشوێنی گەیشتنی دوولاش دەوترێت سەر،شوێنی پێگەیشتنی ئەم دوولایەش لە ناوەوە پێی دەوترێت گۆشە. سەری گۆشە بەرامبەرەکان لەڕێگەی هێڵێکەوە بەیەک دەگەن کە پێی دەوترێت تیرە.

بەپێیی ژمارەی لاکان و گۆشەکان ناوی چەند لایەکان دیاری دەکرێت، بەنمونە شێوەیەکی ئەندازەیی کە لە سێ لاو سێ گۆشە پێکهاتوە بە سێگۆشە ناودەبرێت، شێوەیەکی ئەندازەیی کە لە چوار لا و چوار گۆشە پێکهاتووە پێی دەوترێت چوار لا یان چوار گۆشە، هەمان دەستور بۆ پێنج لا، شەش لا...هتد ڕاستە.



کۆی گۆشەکانی ناو چەند لایەک لە ڕێگەی ئەم دەستورەوە دەدۆزرێتەوە:-

دووڵا لە ژمارەی لاکانی شێوە ئەندازەیەکە دەردەکرێت و پاشان ژمارەی سەدوو هەشتا لێکدەدرێت،

کۆی گۆشەکانی ناوەوەی چەند لایەک = ( ن_ ٢) * ١٨٠

**(ن)** واتە ژمارەی لاکانی شێوە ئەندازەیەکەیە

کاتێک دوو شێوەی ئەندازەیی لە شێوەو پێوانەدا وەک یەبن دەتوانن هاوجێبین و یەکتر تەوابکەن و بەپێچەوانەشەوە، هاوجێ نابن کاتێک دوو شێوەو پێوانەی جیاوازبن. ئەمەش دەگونجێت بۆ هەموو شێوە ئەندازەیەکان.

